**بریا ئێوه كەستان خۆشنەدەویست و قینتان له كەس، هەڵنەدەگرت!**

كۆمەڵێک نووسەر، هونەرمەند و گۆرانیبێژ گەلێک جار لای خۆم ساڵانی پیش، باسیان له بێنرخی كار و بەرهەم و تەنانەت كەسایەتی زیرەک كردووه. دوای فستیواڵی ٧٥ ساڵەی له دایكبوونی حەسەن زیرەک له لایەن ناوەندی شانۆی كۆچەر له كۆڵن - ئاڵمان، ساڵی ١٩٩٦ كه له مێدیای كوردی زمان به تایبەت دەنگی ئامریكا، دەنگی دایەوه، له ناكاو هەر ئەو كەسانه وەخۆكەوتن بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامه، نووسین و باس كردن .

به شوێن ئەوەدا له باشوور و ڕۆژهەڵات و دەرەوەی وڵات، هەموو ساڵ و هەر ساڵ هەتا ئەمڕۆ بەرنامەی ڕادیۆیی، تەلەویزیۆنی ساز كراوه و ڕۆژنامه و گۆواری حزبی و ناحزبی له سەر زیرەكیان نووسیوه و گووتوه .بۆ ئەو بازاڕه دووجین دووجین نووسەر و لێكۆلەر پەیدا بوون و بەردەوام كتێب چاپ دەكرێ و لێره و لەوێ بەرهەمی نوێ و زانیاریی نوێ دەرخواردی خەڵک دەدرێ، كه ئەوه ئاتەكی سیاسی و ئاكادێمی گرتوتەوه. هەمووشیان سەرچاوەی قسه و باس و لێكۆڵینەوەكانیان دەنگۆ و قسەی ئەم و ئەوه .

لەم ساڵانەی ڕابووردو كۆمەڵێک لەو كتێب و نووسراوانه به دەستم گەیشتووه و كۆمەڵێک لەو بەرنامانەم بیستووه و بینیوه، كه تەمەنی كەس ئەوەنده درێژ نابێتەوه كه ئەو هەموو چەواشەكاری و ناڕاستیانه بەرپەرچ بداتەوه .

من لێره تەنیا و تەنیا ئیشاره به بەرنامەیەكی ڕادیۆیی باشوور دەكەم كه بەناوی لێكۆڵینەوەی زانستی له زمانی ڕابه خاتوونەوه دەگێڕدرێتەوه كه تیمێكی پسپۆڕ له ئەمریكاوه هاتوون بۆ ئەوەی "قووڕگی" حەسەن زیرەک بكرن بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوەی له سەر بكەن. ئەو ئاكادمیسینەی كه له ڕادیۆ ئەم باسه دەكا، له ڕێگای ڕادیۆكەوه دوای تێپەڕبوونی ٤٦ ساڵ داوا له كوردانی ئامریكا دەكات بچن ئەو پسپۆڕانه ببیننەوه. ئەو بەڕێزه جگه لەو قسانه هیچ نادات بەدەستەوه .ئەو كەسانه كێن، له كۆی ئەمریكا بۆ كوێ چوون؟ بۆ ئێران، بۆ بۆكان؟ گەر چوون چوونه لای كێ؟ كێ پێنەفرۆشتوون و بۆ؟ له كوێ ئەم زانیاریانه بڵاو كراونەتەوه؟ ڕابه خانم چۆنی زانیوه؟ ئایا جگه لەو چەند كەسی دیكه بەو زانیاریانه دەزانن؟

ڕاستی مەسەلەكه چییه؟ هەر دوابەدوای مردنی حەسەن زیرەک له ماڵی خووشكی له خەیابانی سەقز، نزیک مەدرەسەی بۆعەلی، بازاڕی دەنگۆ له ناو شاری بۆكان و شارەكانی تر گەرم بوو، یەک لەو دەنگۆیانه هەر ئەوه بوو، كه لێره و لەوێ ناوی وڵاتەكەش دەگۆڕدرا. ئێستا هەر ئەوه بۆته سەرچاوەی لێكۆڵینەوه و بۆته زانیاری له سەر زیرەک .

پووت پووت زانیاری وا له مێدیای باشوور و له زمانی نووسەر و هونەرمەند و زانای ئاكادێمی بڵاو دەبێتەوه .
بریا ئێمه كەسمان خۆش نەوێ و ڕقیشمان له كەس نەبێتەوه.

برایم فەڕشی